## کەتایون:

# گۆرانیی کوردی هەستێکی هەیە که لە گۆرانیی فارسی و ئینگلیزیدا نییە

زۆر هونەرمەندی کورد هەن کە بە زمانی نەتەوەکانی دیکە گۆرانییان وتووە و تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوون، جا لە ئاهەنگ و بۆنە تایبەتییەکان گۆرانییان وتبێت کە پێشتر وتراون، یان لە نێو ئەلبوومەکانی خۆیان ئەو گۆرانییانەیان وتبێت، بەتایبەتی گۆرانیی نەتەوە هاوسێکانی کوردستان وەك: عەرەب، فارس، تورك، لە بەرامبەردا زۆر هونەرمەندی بیانییش هەن بە هەمان شێوە بە زمانی کوردی گۆرانییان وتووە، خانمە گۆرانیبێژی فارس، کەتایون، کە ئەندازیارە و مامۆستای زانکۆیە، لە رێی گوتنی گۆرانی بە زمانی کوردی، لەنێو هەوادارانی میوزیك و گۆرانیی کوردیدا ناسراوە و تا ئێستا چەندین گۆرانی بە زمانی کوردی وتووە. کەتایون بەهۆی ئەوەی هاوژینەکەی کوردە، فێری زمانی کوردی بووە، ئێمەش بە هەلمان زانی کە لەدەرفەتێکدا دیمانەیەکی لەگەڵ سازبکەین وچەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین.



*** سەرەتا پێمان خۆشە زیاتر خۆت بە خوێنەران بناسێنین؟**

- من لە ئێران لەدایکبووم و لە بنەماڵەیەکی شەش کەسیدا گەورە بووم، دوو خوشك و برایەکم هەیە، دەرچووی بەشی ئەندازیاریم، هاوژینەکەم کوردە و خەڵکی شاری سنەیە، بەو هۆیەوە چەند ساڵێك لە سنە ژیاوم، بەهۆی خوێندن و کارکردنەوە ١٠ ساڵ لە شاری ئیسفەهان نیشتەجێ بووم. ئەندامی سەندیکای ئەندازیارانی ئیسفەهان و مامۆستای زانکۆ بووم، هاوکات لەگەڵ ئەم کارانەدا کاری میوزیکم کردووە و ئێستاش لەگەڵ هاوژین و کچەکەم (رۆنیا) لە ئەڵمانیا نیشتەجێم و لێرە درێژە بە کارە هونەرییەکانم دەدەم.

*** وەك دیارە زۆر بە باشی بە کوردی گۆرانی دەڵێی، نهێنیی ئەمە لە چیدایە؟**

- لە ئێران لە خولی فێربوونی ئاوازە ئێرانییەکان بەشداریم دەکرد و لەسەر ڕەدیفگەلی ئێرانی کارم دەکرد، هاوکات گوێم لە مەقاماتی کوردی دەگرت و پرۆڤەی ئەو مەقامانەشم دەکرد، گۆرانییە کوردییەکانم زۆر جوان و پڕسۆزتر دەگوتنەوە. کاتێك کە گۆرانیی کوردیم بۆ مامۆستاکانم دەگوتەوە، پێیان دەگوتم لە چاو گۆرانییەکانی دیکە گۆرانییە کوردییەکان باشتر و پڕهەستتر دەچڕیت، وەکو بڵێی ژنێکی کوردی. لەلایەکی دیکەوە کاتێك گۆرانیی کوردیم دەچڕی، هەستێکی جیاواز و خۆشم هەبوو، بەجۆرێك کە ئەو هەستەم بۆ گۆرانی فارسی و ئینگلیزی نەبوو.

*** چۆن بەو شێوەیە فێری زمانی کوردی بووی تا بگاتە ئەو ئاستەی گۆرانی بە زمانی کوردی بڵێی؟**

- هاوژینەکەم کوردە و لەگەڵ کولتوور و سوننەتە کوردییەکان ئاشنام، ئەمەش زۆر یارمەتیدەرم بوو، بەڵام بەدواداچوونم بۆ میوزیکی کلاسیکی کوردی دەکرد و گوێم لێدەگرت، یان لە کەسانێك کە شارەزای میوزیکی کوردی بوون، پرسیارم دەکرد کە ئەم وشە، یان ئەم دێڕە چ واتایەکی هەیە، ئەم بەدواداچوونەی من هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی بە زۆر لە نووسەران و شاعیرانی کورد ئاشنا ببم و وردەوردە فێری زمانی کوردی ببم. لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە گوتنی گۆرانی بە زمانی کوردی لە سەرەتادا بۆ من زۆر قورس بوو، بەڵام چونکە بڕیارم دابوو لەسەر میوزیکی کوردی کار بکەم، ڕۆژ بە ڕۆژ پێداگری و بەدواداچوونی زۆرترم بۆ فێربوونی زمانی کوردی دەکرد و خۆشەویستیم بۆ زمان و میوزیکی کوردی ئەم کارەی بۆ ئاسانتر کردم. مێژووی کوردم خوێندەوە و ژیان و مێژووی ئەم نەتەوەیە سەرنجی ڕاکێشام، میوزیکی کوردی پڕە لە وزە و شادومانی.

*** تا چەند لەگەڵ هونەر وهونەرمەندانی کورد ئاشنایەتیت هەیە؟**

زۆر لە هونەرمەندانی ناوداری وەکو خوالێخۆشبوو (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، عەلی مەردان، حەسەن زیرەك، تایەر تۆفیق، کەریم کابان و مەرزیە فەریقی، ناسر ڕەزازی، مەزهەر خالقی، لەیلا فەریقی، کانی، هانی، چۆپی فەتاح و کیژان) گوێیان بۆ دەگرم و زۆر هۆگری دەنگی ئەم هونەرمەندانەم و شارەزاییەکی زۆرم لەسەر گۆرانییەکانیان هەیە.

*** تێڕوانینت بۆ هونەر بە گشتی و هونەرمەندانی ئافرەتی کورد چۆنە؟**

- چێژێکی زۆر لەدەنگیان وەردەگرم، ئەوان لە بواری هونەر و کولتوور و زانستەوە پێشکەوتنی زۆر بەرچاویان کردووە. وەکو سیمبوڵی خۆڕاگری و هێزن بۆ هەموو ژنانی جیهان. هونەرمەندانی ئافرەتی کورد پڕهەست و سۆز گۆرانی دەچڕن و مانای شیعرەکان بە باشی بۆ نەوەکانی دوای خۆیان دەگوازنەوە.

*** چێژی مەقام بۆ هونەرمەند چۆنە و تا چەند گرنگیی پێدەدەی؟**

- بێگومان مەقام بەشێکی سەرەکی و ڕەسەنی هونەری گۆرانیوتنە، من ماوەیەك لەسەر ئامێری سازی باغلەمە کارم کردووە، ئەم سازەم زۆر خۆشدەوێت، بەڵام بەداخەوە بە بۆنەی سەرقاڵیم بە خوێندن و کارەوە نەمتوانی بەشێوەی پڕۆفیشناڵ درێژەی پێ بدەم، زۆریش حەز بە مەقامەکانی مامۆستا تایەر تۆفیق دەکەم و مەقامێکیشی بە باشی دەڵێمەوە.



## تایلۆر کاریگەرترین کەسایەتیی ٢٠١٩



گۆڤاری (TIME)ی ئەمریکی دەربارەی کاریگەرترین کەسایەتی لە ئەمریکا بۆ ساڵی ٢٠١٩ راپرسییەکی ئەنجامدا، لە ئەنجامدا خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژی ئەمریکی تایلۆر سویفت پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

دوایین ئەلبوومی تایلۆر لە ساڵی ٢٠١٧ بە ناوی (Reputation) بڵاوکرایەوە و چەندین خەڵاتی جیهانیی بەدەستهێنا، لەوانەش (خەڵاتی گرامی بۆ باشترین ئەلبوومی پۆپ، هەروەها رێژەی بینینی گۆرانییەکانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (یوتیوب) کە گەیشتە ئاستێکی پێوانەیی بێ وێنە.

لەلایەکی دیکەوە رۆژنامەی دەیلی مەیل-ی بەریتانی بڵاوی کردەوە، رۆژی سێی نیسان دوای ئەنجامدانی پرۆسەی راوەدونانی بۆ ئۆتۆمبێلێکی گومانلێکراو کە لەلایەن چەند کەسێکەوە دزرا بوو، پۆلیس هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی تایلۆر، لای خۆشیەوە پۆلیسی شاری هۆبکینتۆن لە ویلایەتی رۆد ئایلاند لەو بارەوە ئاشکرایکرد، پرۆسەی راوەدوونانی ئۆتۆمبێلێکی ئەنجامداوە کە بە خێراییەکی زۆر رۆیشتووە و دواتر خۆی کێشاوە بە دەرگای ماڵی تایلۆردا کە نرخەکەی دەگاتە ٢٥ ملیۆن دۆلار و زیانێکی زۆریان بە دەرگاکە گەیاندووە، بەڵام ئەو کات تایلۆر خۆی لە ماڵ نەبووە، لەئەنجامدا پۆلیس سێ کەسیان دەستگیر کردووە کە ئۆتۆمبیلەکەیان دزی بوو، دواتریش سێ ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن گەیشتنە شوێنەکە.

## شارۆخان گۆرانی بـ

پێدەچێت لە هیندستان مۆسیقای راپ و هیپهۆپ ببێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دروستکردنی پەیوەندیی نێوان دەنگدەران و لایەنە سیاسییەکان دوای ئەوەی حزبە سیاسییەکان چەندین گۆرانیی میللی و رۆژئاواییان تۆمار کرد، شارۆخانیش بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لەسەر گرنگیی هەڵبژاردن بۆ یەکەم جار گۆرانییەکی تۆمارکرد، شارۆخان لەسەر لاپەڕەی کۆمپانیای بەرهەمهێنانی هونەری خۆی Red Chillies Entertainment لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی instagram گۆرانییەکەی بڵاو کردەوە، کە بە ناوی "Karo Matdaan" کە بە زمانی هیندی واتە (دەنگدانت)، لەم گۆرانییەدا شارۆخان هانی جەماوەر و هەوادارانی خۆی دەدات کە رووبکەنە سندوقەکانی دەنگدان و بە گوڕوتینەوە بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن.

لە ١٣ی ئاداری رابردوو (نارێندرا مودی) سەرۆك وەزیرانی هیندستان لە رێگای تویتەرەوە داوای لە هەریەکە لە هونەرمەندان (شارۆخان، ئەمیتاب، کاران جەوهەر) و چەند هونەرمەندێکی دیکە کرد کە پێویستە بەشێوەیەکی رێکوپێك هۆشیارییەکی بەرز لای دەنگدەران دروست بکەن، بۆ ئەوەی بە گوڕوتینەوە



## ۆ هەڵبژاردن دەڵێت:

بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، لە دوای بڵاوبوونەوەی گۆرانییەکە سەرۆك وەزیرانی هیندستان نارینـدرا مودی ستایشی شارۆخانی کرد و باسی لە گرنگیی رۆڵی هونەر کرد لە خزمەتکردنی دیموکراسیەت و کۆمەڵگە و ژیان، مودی لەبارەیەوە گوتی: «من دڵنیام کە میللەتی هیندستان بەگشتی و بەتایبەتیش ئەو دەنگدەرانەی یەکەم جارە دەنگ دەدەن، گوێ لە بانگەوازەکەی شارۆخان دەگرن و بە لێشاو دەچن بۆ دەنگدان.



## بریتنی نەخۆشخانەی دەروونیی جێهێشت



بەبۆنەی جەژنی (ئەستر) خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریکی بریتنی بە مەبەستی بینینی منداڵەکانی و بەسەربردنی ئاهەنگەکان جەژن لەگەڵیاندا بۆ ماوەیەکی کورت نەخۆشخانەی دەروونیی جێهێشت.

وێنەگرانی باباراتزی چەند وێنەیەکی بریتنییان بڵاوکردەوە کاتێك بە یاوەری سام ئەسغەری هاوڕێی لە یەکێك لە هۆتێلەکان دەهاتە دەرەوە.

ساڵی رابردوو بریتنیی تەمەن ٣٧ ساڵ تووشی نەخۆشییەکی دەروونی بوو، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر توانیی بەسەریدا زاڵ بێت و چاك بووە و زۆر بەهێزەوە گەڕایەوە نێو گۆڕەپانی هونەر و گۆرانی گوتن، لەم رووەوە سەرکەوتنی زۆر گەورەی تۆمارکردەوە، کەچی ئەو سەرکەوتنە زۆری نەخایەند و جارێکی دیکە گەڕێنرایەوە نەخۆشخانەی دەروونی.

لەلایەکی دیکەوە بریتنی رایگەیاند: کە گشت ئەو ئاهەنگانەی بڕیار بوو لە شاری لاس ڤیگاس و چەند شارێکی دیکە ئەنجامی بدات، لەگەڵ ژمارەیەك پابەندبوونی دیکەی هونەری هەمووی هەڵپەساردووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە باوکی تووشی نەخۆشییەکی ترسناك بوو و لە بارودۆخێکی سەختدا گەیەنرایە نەخۆشخانە، بۆیە بڕیاریدا لەو نەخۆشییە لەگەڵ خانەوادەکەیدا بمینێتەوە تا باوکی چاك دەبێتەوە.

بریتنی لەم بارەوە رایگەیاند: «ئێمە سوپاسگوزاری خوداین کە لە دۆخە سەختەکە رزگاری بوو و ئێستا لە ژیاندایە، هەرچەندە باری تەندروستیی زۆر باشە و پێویستی بە هەوڵێکی زۆر هەیە، ئەم دۆخە ناچاری کردم کە بڕیارێکی سەخت بدەم بۆ ئەوەی گشت کات و تواناکانی خۆم لەم قۆناغە سەختەکاندا بۆ خانەوادەکەم تەرخان بکەم.»